راگەیاندنی ژمارە _ 2 _

**پینج ریکخراو نیهادی دیکە پەیوەست بوون بە کەمپەینی مەریوان هەلەبجەی یەوە !**

لەدریژەی بانگەوازی کۆمیتەکانی ئازادی بیروڕادەبرین .... لە وولاتانی نەرویج ، استیرلیا ، ئەلمان هەروەها کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال ، پینج ڕێکخراو نیهاد بەم بانگەوازەوە پەیوەست بوون کە لیرەدا دەخەینە بەردەست .
بە ئاگاداریتان رادەگەیەنین کە تا ئیستە ژمارەی ئەو ریکخراو نیهادو لایەنانەی کە پەیوەست بوون بەم کەمپینە بوون بە 15 لایەن و ریکخراو، جیگەی خۆیەتی کە جاریکی تریش بانگەوازی هەمووو ریکخراو ئورگان و لایەن بکەین بۆ پەیوەست بوون بەم کەمپەینەوە کە بەمەستی داکۆکی کردن لە ئازادی بیروڕادەربرین و ئازادی بەیان و رەخنەگرتن !

کەمپەینی داکۆکی کردن لە ئازادی بیروڕادەربرین / مەریوان هەلەبجەی

2006/ 2 / 11

## پشگیری کردن لە مەریوان هەڵە بجەی ئاری بەرەی ئازاد یخوازنەوە !

## پێش مەرجی بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی لەگرەوی ئازادی بیروراو ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتندایە !

مەریوان هەڵەبجەی یەکێك لە ڕۆشنبیرانی ناسراوی کوردستانە کە ماوەی چەند مانگیك لەمەوبەر کتێبیکی بەناوی (سێکس، شەرع، ژن لە ئیسلام) ەوە بڵاوکردەوە کە تیدا تێگەیشتن ولێکدانەوەی خۆی بەیان کردوە سەبارەت بە هەندێك مەسەلەی وەك سێکسبازی لەسەرەتاکانی ئاینی ئیسلامدا، سێکسبازی لەدوای دەرکەوتنی ئیسلام، ڕەفتارو پاڵنەرە سێکسیەکان لە شەریعەتی ئیسلام و ... چەند تەوەرێکی تری لەو چەشنە. بەڵام ئەمە زۆری نەبرد بووە هۆی هێرشکردنێکی زۆر بەرفراوانی ئیسلامیەکان لە کوردستان و بەتایبەت یەکێتی زانایانی ئاینی هەلەبجە دژ بەکەسایەتی مەریوان هەلەبجەی وەك خاوەنی ئەو بەرهەمە . ئەوە بوو سەرەتا یەکێتی زانایانی ئاینی هەلەبجە نامەیەکیان بۆ(سەرۆك کۆمارو سەرۆك هەرێم) ناردو داوای لێپرسینەوەو سزادانی مەریوان هەلەبجەیان کرد بەپێی مادەی 272 یاسای سزادانی بەعس، داواتر دەیان مزگەوتی شاری هەڵەبجەی شەهیدو شارەزور وسلێمانی خوتبەی جومعەیان لەسەر ئەم کتێبە داو فتوای سزادانی مەریوانیان دا ! ئەمە لەکاتیکدابوو کەبەشێکی زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبە ئیسلامی یەکان بە تەواوی مانا خرابوونە خزمەت ئامانجەکانی ئەو کەمپەینەی کەدژی مەریوان هەڵەبجەی بەرپا کرابوو. وە ئێستە بەکردەوە ماوەی سیٚ هەفتەیە مەریوان وخێزانەکەی لە کوردستان لەبەردەم مەترسی هەڕەشەو هەڵویستی ئیرهابیانەدا ناچاربوون کە بەنهێنی ژیان بەسەربەرن . هەموو ئەمانە لە کاتیکدایە کە بەداخەوە دەزگاکانی ئاسایش وحزب وحکومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانی هیچ جۆرە لیپرسینەوەیەکی لەبارەی ژیان وچارەنووسی مەریوان هەلەبجەیەوە لەئەستۆ نەگرتوەو بۆیە ڕۆژبەڕۆژ هێرش وپەلاماردانەکانی ئیسلامیەکان بۆ سەر مەریوان زیاتر لەفراوان بوونەوەدایە !

ئازادیخوازان , خەڵکی شەرافەتمەندی کوردستان

هەڕەشەو گوڕەشەی ئیسلامیەکان بۆ سەر مەریوان هەڵەبجەیی هێمایەکی گەورەترە بۆ دژایەتی کردنی ئەم لایەنانە دژ بەئازادی بیروڕا دەبرین وئازادی بەیان و ڕەخنە گرتن. ئەم هەنگاوە سەرەتایەکە بۆ لەخوێن هەڵکێشانی بەرەی ئازادیخوازان کە ئەمڕۆ تیرۆری شەخسی مەریوان هەڵەبجەی کراوەتە ئەڵقەی نمایشکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئازادی بیروڕاوڕەخنەگرتن. بۆیە بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراو کۆڕوکۆمەڵ وکەسانێك دەکەین دژ بەم پیلانانەی لایەنە ئیسلامیەکان ڕاوەستنەوەو لەپێناو داکۆکیکردن لە مەریوان هەڵەبجەی، لە پێناو داکۆکیکردن لە ئازادی بیروڕا دەربرین وئازادی بەیان و ڕەخنەگرتن دەنگ هەڵبڕن تا بەگرێدانەوەی خەباتمان ڕێگە نەدەین لایەنە ئیسلامیەکان کوردستان بکەنە لانکەی پیادەکردنی سیاسەتە دژی ئینسانی یەکانیان.

بۆیە ئێمە وەك ئەو کۆمیتەو لایەنانەی خوارەوە ناومان هاتووە لە سونگەی بڕوابوون و داکۆکی کردنمان لە ئازادی بیروڕادەبرین و ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتنەوە ڕایدەگەیەنین کە :

1- ئازادی بیروڕادەربرین ئازادی بەیان و رەخنەگرتن بەیەکێك لە بنەما سەرەکی یەکانی هەر کۆمەڵگایەکی تەندروست دارو مەدەنی دەزانین و هەر لەمڕوانگەشەوە بەمافی بیٚ ئەملاولای هەر تاك وڕێکخراو لایەنێکی ئەزانین کە ممارەسەی ئەم مافە سەرەتاییەی خۆی بکات .

2- هەر لەم ڕوانگەشەوە کەمپەین‌و فەتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامی‌و هەڕەشەی تیرۆریستانەی ئیسلامی‌یەکان، هێرشێکی بەرچاوو ڕۆشنە بۆ سەر ئازادی‌و گیانی مەریوان هەڵەبجەیی‌و تەواوی ئازادیخوازان. ئەو کارە بە کردەوە هەڵخڕاندنی خەڵکە بۆ تیرۆری مەریوان هەڵەبجەیی‌و هەر دەنگێکی ڕەخنەگر لە ئیسلام‌و ئەوەش جیاواز لەوەی کە ڕێگرتنە بە ئازادی بیروراو ئازدی بەیان و ڕەخنەگرتن ، هەروەها تاوانێکیشەو هەرچی بەشدار بیٚ لەو کەمپەین‌و فەتوا دانەدا بەشداری هەمان تاوانەو ئەبیٚ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

ئێمە بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراو نیهادو ئۆرگان و لایەن وکەسانێك دەکەین بۆ پشتگیری کردن لە مەریوان هەلەبجەی و لەو داخوازیانەی سەرەوە ئیمزای خۆیان بدەن لەم فۆرمەو دەنگی نارەزایەتی دەربرینی خۆیان دژ بە هەڕەشەو فتوای ئیسلامی یەکان دژ بە مەریوان هەڵەبجەی دەربرن !

- کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپیەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال
- کۆمیتەی داکۆکی لە ئازادی بیرورادەربرین لە نەرویج
- کۆمیتەی دیفاع لە ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربرین لەئەلمٚانیا
- رادیۆ هاوپشتی
- کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال دەستەی سەرپەشتیار

بژی ئازادی بیرورا دەبرین بژی ئازادی بەیان و ڕەخنە گرتن

2006 /2/8

بەم ئیمەیلە نامەی پشگیریەکانی خۆتان بنێرن !

kampini_mariwanh@yahoo.com

| ناو | پیشە ، ئارەزوو | بەروار | وولات |
|---|---|---|---|
| سایتی بۆ پیشەوە | | | |
| سەنتەری رزگاری ژنان | | | بەریتانیا |
| سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مندالان | | | |
| فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی | | | |
| ریکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە نەرویج | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |